کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-8-2007 22:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژانی گەل و فیستیڤاڵی کورتە فیلم ... دڵزارحەسەن



ئەو کاتەی سینەما ڕوئیای بینەری لە شاشەیەکی بچوکی tv یەوە گواستەوە بۆ نێو هۆڵەکانی سینەما و مرۆڤی خستە بەردەم شاشەیەکی گەورەتر، لەو کاتەوە هونەری حەوتەم توانی بەهای دیکە بۆ چێژی ڕۆڵ بینین و نیشاندانی هونەی کامیرا بەرهەم بێنێت. سەردەمانێك فیلمەکانی تەرەزان و ئەفلامە هیندی و دیکۆمینتاریەکانی ئەوروپا بەشێکی زۆری جەماوەری سینەمایان بۆ خۆ ڕاکێشابوو. هۆڵەکانی سینەماش بە تایبەتی لە کوردستان لە ساڵانی شەست و هەفتاکاندا توانییان جگە لەو گەنجە هونەردۆستانە هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا خاو خێزانی زۆرێك لە خەڵکی شارەکانی کوردستان بۆ بینینی ئەو فیلمانە سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. تا ئێرە قسەکردنمان بوو لە سەر مێژوویەك کە بەداخەوە تەمەنێکی کورتی هەبوو. لە دوایی ئەوەدا بە هۆی بارو دۆخی سیاسی ناوچەکەمان ئیدی هونەری سینەما و بینەری سینەماش بەرە و کاڵبوونەوە چوو، دوای ئەزموونی ڕاپەڕینیش نەتواندرا بینەری ڕاستەقینەی سینەما دروست بکەینەوە. هۆکارەکانیش زۆر بوون، بەڵام بەشێك لە میکانیزمی لە دەستدانی بینەری سینەما دەگەڕایەوە بۆ هەست نەکردن بە بەرزی ئەو هونەرە هەم لەلایەن هونەرمەندانەوە هەم لەلایەن خەڵکەوە. لەکاتێکدا هەموو لایەك دەزانیین کە چۆن لە دنیادا نەتەوە و دەوڵەتەکان بە هۆی فیلم و سینەماوە ڕۆڵی شارستانیانە دەگێڕن لە ناساندنی کلتور و بەهای فەرهەنگییان. ئێستا لە هیچ شارێکی کوردستان هۆڵی سینەما وەك جاران بایەخی پێنادرێت بەڵکو بەشێکی زۆریان یان تێك دراون یان لە کار کەوتوون. وەك ئاماژەشمان پێدا هۆکارەکان زۆرن، بەڵام ئەم میکانیزمانەش ئەوە ناگەیەنێت کە حکومەت یان وەزارەتی ڕۆشنبیری بگاتە ئەو باوەڕەی کە چیدیکە کار بۆ پەرەپێدانی سینەما نەکات. باشترین نموونە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین قسە لەسەر هۆکارەکانی کوشتنی سینەما بکەین هەڵبەتە بەرهەم نەهێنانی فیلمە لە کوردستان. کاتێکیش کە تۆ بەرهەمی سینەمایی نەبێت بێگومان ئەو کاتە بینەر لە دەست دەدەیت و دواجار نابیتەوە بە خاوەنی بینەری سینەما. جگە لەوەش نەبوونی هۆڵی سینەما و تەقەنیاتی تازەی کاری سینەمایی کە بە گۆتەی زۆرێك لە سینەماکارانی کورد لە کوردستان کامیرا و تەقەنیاتی پرۆفیشناڵیانەی پێشکەوتووی سینەمایمان نییە تا بتوانین وەك گەلانی دنیا ئێمەش کار بۆ سینەما بکەین. ئاخر کارێکی نا ئاسایی دەکەین گەر حکومەت و کەسانی شارەزا پێیان وابێت سینەما لە کوردستان دروست نابێتەوە. هەرچەندە ئەم قەناعەتەش لە خوت و خۆڕاییەوە نەهاتووە و بەڵکو پێشینەیەکی هەیە، بەڵام هیچ یەکێك لەو ئەگەرانە ڕاست دەرناچن گەر ئێمە بتوانین ڕەهەندەکانی ئەو لە دەستدانە دیاری بکەین و دواجار چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. لەگەڵ ئەوشدا ماوەیەکە بە هۆی بەرهەم هێنانی هەندێك لەو فیلمانە کە لەلایەن دەرهێنەرە کوردەکان بەرهەم دەهێندرێن بۆتە هۆکار بۆ گەڕاندنەوەی بینەری سینەما بۆ ناو هۆڵەکانی سینەماوە، باشترین بەڵگەش بۆ سەرەنج ڕاکێشانی بینەری سینەما بەرهەم هێنان و نیشاندانی فیلمی ژانی گەل بوو لە هۆڵەکانی ناوخۆی کوردستاندا. هەموو لایەك بینیمان کە چۆن خەڵك بە خاو خێزانەوە و بە پەرۆشەوە بۆ بینینی ئەو فیلمە دەچوون، بەڵام بەداخەوە هەر وەزارەت و حکومەت بەهۆی کوژاندنەوەی کارەباوە لە نیوەی فیلمەکەدا خۆی کاری لە سەر ڕەوینەوەی ئەو بینەرە خاوەن خولیایە کرد کە خەریك بوو دروست ببێت. قسەی ئەو کچەم باش لە یادە کە لەو ڕۆژەدا وتی" ئەوە ژانی گەل بوو یان ژانی کارەبا " دیارە فەراهەم نەکردنی پێداویستیەکانی نیشاندانی فیلم و ئاسانکارینەکردن بۆ بینەر تا بە شێوەیەکی هێمن و لەسەر خۆیانە فیلمەکە تەواو بکات هۆکارێکە بۆ ئەوەی تۆ چیتر زەوقت نەبێت بچێت بۆ بینینی فیلمێکی دیکەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردی. هەڵبەتە خێزانەکەم ئێستاش لە خەمی ئەوەدایە کە لەبەر کوژانەوەی کارەبا نەیتوانی فیلمی ژانی گەل بەتەواوی ببینێت. دیارە ئەم نموونانە بۆ ئەوەیە ئێمە لە جەوهەری ئەو گرفتە نزیك ببینەوە کە بۆتە هۆکار بۆ لە دەستدانی بینەر و کزبوونی بەهای سینەما لە کوردستاندا. نموونەیەکی دیکەی زیندوو بۆ ئەوەی بزانین کە ئەو میکانیزمانەی باسمان کرد تا چەند کار لەسەر کوشتنی بینەر دەکەن. بێگومان ئەو فیستیڤاڵە چەند ڕۆژەی شاری هەولێر بوو کە بەناوی " میهرەجانی ئەڤینی دووەم بۆ کورتە فیلم لە شاری هەولێر بەڕیوە چوو" ئەم ڤیستیڤاڵە ماوەی چوار ڕۆژان بەردەوام بوو، بەڵام لە هیچ ڕۆژێکیدا بینەرەکانی لە پەنجەی دەست تێپەڕییان نەدەکر. ئایا ئەم نەبوونی بینەرە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە وەزارەت نەیتوانی دوو کاتژمێران کارەبا بۆ هۆڵێك پەیدا بکات؟! بەلای منەوە بەشێکی زۆری هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر هۆڵەکانی سینەما سەرەتا ئەو بینەرانەیان نە تۆراند بوایە ئەو کاتە ئەمڕۆکەش دەبوینەوە بە خاوەنی هەمان بینەر کە بە داخەوە دوێنێ لەدەستمان دابوون. تاکە تەرفەتیش بۆ دەربازبونمان لە قەیرانی نەبوونی سینەما و بینەری سینەما گێڕانەوەی متمانەیە بۆ کاری سینەمایی و هێنانی تەقەنیاتی پێشکەوتووی دروستکردن و بەرهەم هێنانی فیلم لە کوردستاندا. ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو کوردانەی ئێستا خەریکی کاری فیلم سازین جێگای دڵخۆشین، بەڵام ئەمانیش تا لە نیشاندانی فیلمەکانیان نەبنەوە لە هۆڵەکانی دەرەوەی کوردستان ئەوە فیلمەکانیان ناهێننە نێو هۆڵەکانی کوردستان ئەمەش دوو هۆکار لە خۆدەگرێت یان ئەوەتا ئەمان باوەڕیان بە بینەری سینەمایی کوردی نەماوە یان لەبەر بی هۆڵی سینەما ئەو کارە لە کوردستاندا ناکەن. هەڵبەتە هەردوو میکانیزم جێگای پرسیارو گومانە کە ئاخۆ بۆ ئێمە نەمانتوانیوە بینەری سینەما و هۆڵی سینەمامان هەبێت. لەکاتێکدا خاوەنی زۆرێك دەزگای دیکەی ڕۆشنبیری و مەدەنی و ئیدارین. هەرکاتێکیش کێشە و گرفتەکانی ئەو لایەنانەمان چارەسەرکرد ئەو کاتە دەتوانین بڵێن خەریکە بگەینە کەنارەکانی هونەری حەوتەم کە بە هونەری سینەما ناسراوە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە 275ی لاپەڕە 13ی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بڵاوبۆتەوە.

dlzarhessen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.